# ئەگەر خوای گەورە خێری بۆ بەندەکەی بوێت؛ ئەوا سزادانی بۆ پێشدەخات لە دونیادا، وئەگەر شەڕی بۆ بەندەکەی بوێت؛ ئەوا سزادانی دوادەخات بەهۆی تاوانەکانیەوە هەتاوەکو بە هەموو تاوانەکانەوە دێت لە ڕۆژی قیامەتدا

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر خوای گەورە خێری بۆ بەندەکەی بوێت؛ ئەوا سزادانی بۆ پێشدەخات لە دونیادا، وئەگەر شەڕی بۆ بەندەکەی بوێت؛ ئەوا سزادانی دوادەخات بەهۆی تاوانەکانیەوە هەتاوەکو بە هەموو تاوانەکانەوە دێت لە ڕۆژی قیامەتدا».
[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات یەکێک لەو نیشانانەی ئاماژەیە بۆ ئەوەی خودا خێری بۆی بەندەکەی دەوێت بریتیە لەوەی کە سزادانی بۆ پێش بخات لە دونیادا بەهۆی تاوانەکانی بۆ ئەوەی لە دونیا دەربچێت وهیچ تاوانێکی لەسەر نەمابێت کە ڕۆژی قیامەت بەهۆیانەوە سزا دەدرێت؛ چونکە هەرکەسێک سزا بدرێت بەهۆی تاوانەکانی لەم دونیا ئەوا لە پاش مردن لێپرسینەوە لەگەڵی کەمتر دەکرێتەوە، ویەکێک لەو نیشانانەی کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی خودا شەڕی بۆ بەندەکەی دەوێت لە دونیادا بریتیە لەوەی کە سزادانی بۆ پێش نەخات لە دونیادا بۆ ئەوەی لەسەر تاوانکردن بەردەوام بێت هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت بە هەموو تاوانەکانەوە دێت و بەهۆیانەوە سزا دەرێت؛ وئەمیش بەهۆی سەرکەشی وپێداگیری بووە لەسەر تاوان وپشتکردن لە پەیامی خودا بۆیە خۆی ستەمی لە نەفسی خۆی کرد نەک خودا ستەمی لێی کردبێت؛ وئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو سزایە وەربگرێت کە شایستەیەتی لە پاش مردن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3332